


VÄSTRA GÖTALANDSREGIONEN

Göteborgs Stad

# سەردانی ماڵەوە بۆ دایکوباوکان

ئێمە لە ماڵەوە لای تۆ  لە کەشوهەوایەکی ئارام و ئاسوودەدا یەکتری دەبینین. پێکەوە لەگەڵ پەرستارێک و کەسێکی پشتگیرکەری دایکوباوکدا باسی ئەو شتانە دەکەین کە بۆ تۆ و منداڵەکە گرنگن.

## چۆن داوای کاتێک بۆ سەردانی ماڵەوە بکەم؟

**زەنگ لێدە یان سەردانی بنکەی لەشساغی منداڵان (BVC)** بکە بۆ دیاریکردنی کاتێک بۆ یەکەمین سەردان لە ماڵەوە.

## کێن ئەوانەی لە سەردانی ماڵەوەدا دێن بۆ لامان؟

دوو کەس دێن بۆ ماڵەوە بۆ لای ئێوە، پەرستارێک و کەسێکی پشتگیرکەری دایکوباوک.

## ئایا پێویست دەکات هیچ ئامادەکاریەک بکەم؟

نەخێر، پێویست ناکات هیچ جۆرە ئامادەکاریەک بکەیت، بەڵام وا باشە دایکوباوکەکە هەردووکتان بەشداربن. ئەگەر تۆ بە زمانێکی تری جیاواز دەدوێیت و سویدی نازانیت، دەرفەتی ئەوە هەیە موتەرجیمت بۆ بگرین.

**ئەگەر پرسیارت  دەربارەی سەردانی ماڵەوە هەیە ، قسە لەگەڵ پەرستاری چاودێری لەشساغی منداڵەکەتدا بکە لە (BVC)**

(BVC) ی من: _____

تەلەفۆن: _____

ئەدرێسی سەردان: _____



لە چەند ناوچەیەکی یۆتۆبۆریدا سەردانی ماڵەوە پێشکەش بە دایکوباوکی منداڵی تازە لەدایکبوو دەکرێت بە هاریکاری نێوان هەرێمی خۆرئاوای یۆتەلاند و شارەوانی یۆتۆبۆری. پێکەوە ئێمە لە سەنتەری خێزانی کاردەکەین بۆ ئەوەی پەرە بە توانای کەسانی گەورە بدەین بۆ ئەوەی لە سەرەتای ژیاندا دەسپێکێکی باش بۆ منداڵان و لاوان دەستەبەر بکەن.

200213-005-608 Foto: mostphotos.com Utskriftsoriginal Maj 2020 (Sorani)